دژە تیرۆری عێراق و سلێمانی ئۆپراسیۆنێکی هاوبەشیان ئەنجام دا

دەزگای دژە تیرۆری عێراق رایگەیاند، دو ئەندامی سەر بە رێکخراوی داعش لە پارێزگاکانی دیالە و بەغدا دەستگیرکران، دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ دژەتیرۆری سلێمانی تیرۆرستێکی دیکە لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکرا.

دەزگای دژە تیرۆری عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردووە، بە پشتبەستن بە زانیاری هەواڵگری ورد، تیمەکانی دژە تیرۆری عێراق چەند ئەڵقەیەکیان لە چەند ناوچەیەکی عێراق ئەنجامدا و سێ ئەندامی سەر بە رێکخراوی داعش دەستگیرکرد.

ئاماژە بەوەشکراوە، تیمەکانی دژە تیرۆری عێراق یەکێک لە تیرۆرستەکانی لە پارێزگای دیالە دەستگیرکرد، ئەو تیرۆرستەش چەندین پەستی لە رێکخراوی چەکداری داعش هەبوە.

ئەوەشخراوەتەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ دژە تیرۆری سلێمانی، تیرۆرستێکی دیکە لە شاری سلێمانی دەستگیرکرا، سێیەم ئەندامی داعشیش لە پارێزگای بەغدا دەستگیرکراوە.